بەمەبەستی بەدیارخستنی جیاوازییەکان و شیکارکردنی ئامارەکان لە نێوان دوو ساڵدا و ئاگاداربوون لە تەواوی گۆرانکارییەکان و نیشاندانیان بە ژمارە و ئەنجامدانی بەدواداچوون لەلایەن پسپۆرانەوە لەکاتی پێویستدا، ئەم بەشە تایبەت دەکەین بە ئەنجامدانی بەراوردکردن لە نێوان ئامارە گرنگ و پوختکراوەکانی هاتوو لەم راپۆرتەدا لەگەڵ ئاماری ساڵێک پێش ئەم راپۆرتە، واتا لێرەدا بەراورد لە نێوان ئاماری ساڵی ٢٠١٦ و ٢٠١٧ لەسەر چەند بابەتێک دەکەین.

## یەکەم/ سەرچاوە مرۆییەکانی وەزارەت

| جۆری دامەزراندن | ژمارەیان لە ساڵی ٢٠١٦ | ژمارەیان لە ساڵی ٢٠١٧ |
|---|---|---|
| فەرمانبەری هەمیشەیی | ٤٣٨٢ | ٤٣٤٣ |
| فەرمانبەری گرێبەست | ٢٨٨ | ٢٨٦ |
| کۆی گشتی | ٤٦٧٠ | ٤٦٢٩ |

ئەنجام// بە ڕێژەیەکی زۆر بچووک ژمارەی فەرمانبەرانمان لە ساڵی ٢٠١٧ کەمی کردووە، کە بەڕێژەی سەدی دەکاتە نزیکەی (١٪).

## دووەم/ داهات و خارجی وەزارەت

أ) داهات: خشتەی داهات لە سەر ئاستی هەرێم لە هەر دوو ساڵی ٢٠١٦ و٢٠١٧

| ز | ناوی دەزگا | داهات | | جیاوازی |
|---|---|---|---|---|
| | | ٢٠١٦ | ٢٠١٧ | |
| ١ | دیوانی وەزارەت | ١٢٦٠٩٠٠٠ | ١٨٥٤٥٥٠٠ | ٥٩٣٦٥٠٠ |
| ٢ | ئەنجومەنی شورای هەرێم | ٩٣٣٥٠٠٠ | ٣٤٧٩٥٠٠ | ٥٨٥٥٠٠٠- |
| ٣ | سەرۆکایەتی دەستەی سەرپەرشتیاری دادی | ٢٠٠٠٠ | -- | ٢٠٠٠٠- |
| ٤ | سەرۆکایەتی داواکاری گشتی | -- | -- | ٠ |
| ٥ | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیمانگای دادوەری | ٦٢٤٥٠ | ٢٨٩٥٠ | ٣٣٥٠٠- |
| ٦ | بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانوبەرە | ٥٧٨٧٦٤٢٤٠٥٠ | ٦٦٤٩١١٣١٤٢٥ | ٨٦١٤٧٠٧٣٧٥ |
| ٧ | بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد | ٤٩٦٦٠٥٤٤١٣ | ٧٤٦٤٥٨٧٧٣٩ | ٢٤٩٨٥٠٠٠٢٦ |
| | کۆی گشتی | ٦٢٨٦٤٥٠٤٩١٣ | ٧٣٩٧٧٧٧٣١١٤ | ١١١١٣٢٦٨٢٠١ |

ئەنجامی بەراوردکردن:

لە ساڵی ٢٠١٧ داهاتی وەزارەتی داد بەروارد بە ساڵی ٢٠١٦ بە ڕێژەی ( ١٧,٦٧٪) زیادیکردووە، هەروەها بەراورد بە ساڵی ٢٠١٥ بە ڕێژەی ٧٤٪ زیادی کردووە.

**هێلكاری داهات له سەر ئاستی هەرێم له هەر دوو ساڵی ٢٠١٦ و٢٠١٧**




ب ) خەرجی: خشتەی خەرجی لە سەر ئاستی هەرێم لە هەر دوو ساڵی ٢٠١٦ و ٢٠١٧

| ز | ناوی دەزگا | خەرجی | | جیاوازی |
|---|---|---|---|---|
| | | ٢٠١٦ | ٢٠١٧ | |
| ١ | دیوانی وەزارەت | ٢٨٤٢٢٦٣٨٥٠ | ٢٧٤١٤٥٨٩٥٠ | -١٠٠٨٠٤٩٠٠ |
| ٢ | ئەنجومەنی شورای هەرێم | ١٧٥١٨٤٩٨٠٠ | ١٥٦٢٣٢٨٤٠٠ | -١٨٩٥٢١٤٠٠ |
| ٣ | سەرۆكایەتی دەستەی سەرپەرشتیاری دادی | ١٠٣٨٩٧٦٦٠٠ | ١٠٤٣٥٢٥٧٥٠ | ٤٥٤٩١٥٠ |
| ٤ | سەرۆكایەتی داواكاری گشتی | ١٧٧٦٤٠٢٠٧٠٠ | ١٦١٢٢٧٣٠١٠٠ | -١٦٤١٢٩٠٦٠٠ |
| ٥ | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیمانگای دادوەری | ٥٠٠٨٣٩١٥٠ | ٢٥١٦٨١١٤١ | -٢٤٩١٥٨٠٠٩ |
| ٦ | بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆماركردنی خانوبەرە | ١٨٤٣٩٩٧٤٤٥٠ | ١٧٩٨٩٥٦٧٥٥٠ | -٤٥٠٤٠٦٩٠٠ |
| ٧ | بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەكانی داد | ٢٠٨٦٠٩٥٤٦١٠ | ٢٥٢٩٥٤٦٩١٠٠ | ٤٤٣٤٥١٤٤٩٠ |
| | كۆی گشتی | ٦٣١٩٨٨٧٩١٦٠ | ٦٥٠٠٦٧٦٠٩٩١ | ١٨٠٧٨٨١٨٣١ |

ئەنجامی بەراوردكردن:

لە ساڵی ٢٠١٧ خەرجی وەزارەتمان بەرێژەی (٢,٨٠٪) زیادیكردووە.

**هێلکاری خەرجی لە سەر ئاستی هەرێم لە هەر دوو ساڵی ٢٠١٦ و ٢٠١٧**




## سێیەم/ بەشداریکردن لە خول

| بابەت | ساڵی ٢٠١٦ | ساڵی ٢٠١٧ |
|---|---|---|
| ژمارەی فەرمانبەری بەشداربوو | ٨٠ | ٥٦ |

ئەنجام// بەو پێیە لە ساڵی ٢٠١٧ ژمارەی فەرمانبەرانی بەشداربوو لە خولە جۆراوجۆرەکان بە رێژەی ٤٢,٨٥٪ کەمیکردووە.

## چوارەم/ دەرکردنی رۆژنامەی فەرمی

| بابەت | ساڵی ٢٠١٦ | ساڵی ٢٠١٧ |
|---|---|---|
| چاپکردنی رۆژنامە | ١٢ | ٤ |
| فرۆشتنی رۆژنامە | ٨٨٧٦ | ٥٥٣ |

ئەنجام//

چابکردنی رۆژنامەی فەرمی بە رێژەی ٢٠٠٪ کەمیکردووە.

(٨٣٢٣) دانە لە فرۆشتنی رۆژنامە کەمیکردووە.

## پێنجەم/ ئەنجومەنی شوورا

| سالّی ٢٠١٧ | سالّی ٢٠١٦ | بابەت |
|---|---|---|
| ٤٦٨ | ٤٣٤ | تەواوی کاروچالاکییەکان |

ئەنجام// کارە ئەنجام دراوەکانیان بە ڕێژەی ٨٪ زیادی کردووە لە سالّی ٢٠١٧.

## شەشەم/ سەرۆکایەتی داواکاری گشتی

- دەستەی تاوانەکان: ئەم دەستەیە لە سەرۆکایەتی داواکاری گشتی ووردبینی بۆ ئەو دۆسیانە دەکات کە سزاکانیان لە ١٥ سالّ زیندان زیاترەو لەگەلّ ئەوانەی بە تاوانی تیرۆر سزادراون و ئامارەکانی دوو سالّی رابردوو (٢٠١٦ ، ٢٠١٧) بەم شێوەیەیە:

| سالّی ٢٠١٧ | سالّی ٢٠١٦ | بابەت |
|---|---|---|
| ١٤٠١ | ٦٦٤ | ژمارەی دۆسیەی تاوان |

ئەنجام// ئەو ژمارەی سەرەوە پێمان دەڵێت کە ژمارەی دۆسیەی تاوان وردبینیکراو بە ڕێژەی ١١١٪ لە سالّی ٢٠١٧ زیادی کردووە کە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر زیادبوونی تاوان.

- دەستەی نەوجەوانان لە سەرۆکایەتی داواکاری گشتی تایبەتە بە وردبینیکردنی دۆسیەی نەوجەوانانی سزادراو بە سزای ئازادی بەند (سالبة للحرية) ئامارەکە بەم شێوەیەیە:

| سالّی ٢٠١٧ | سالّی ٢٠١٦ | بابەت |
|---|---|---|
| ٩٢٦ | ٥٧٦ | ژمارەی دۆسیە |

ئەنجام// بە ڕێژەی ٦٠,٧٦٪ دۆسیەی وردبینیکراو زیادی کردووە کە ئەمە ئاماژەیە بۆ زیادبوونی تاوان لە لایەن نەوجەوانان.

## حەوتەم/ سەردانەکانی سەرۆك و سەرپەرشتیارانی دادی

| بابەت | ساڵی ٢٠١٦ | ساڵی ٢٠١٧ |
|---|---|---|
| ژمارەی سەردانەکانی سەرۆک | ٢١ | ٢٢ |
| ژمارەی سەردانەکانی سەرپەرشتیارانی دادی | ١٥٣ | ١١٨ |

ئەنجام//
ژمارەی سەردانەکانی سەرۆک بە ڕێژەی ٤,٧٦٪ زیادیکردووە لە ساڵی ٢٠١٧.
ژمارەی سەردانەکانی سەرپەرشتیاران بە ڕێژەی ٢٩,٦٦٪ کەمیکردووە لە ساڵی ٢٠١٧.

## هەشتەم/ کردنەوەی خولی یاسایی لە پەیمانگەی دادوەری

| بابەت | ساڵی ٢٠١٦ | ساڵی ٢٠١٧ |
|---|---|---|
| کردنەوەی خول | ٤ | ٦ |

ئەنجام//
ژمارە خولە کراوەکان بە ڕێژەی ٥٠٪ زیادیکردووە لە ساڵی ٢٠١٧.

## نۆیەم/ مامەڵە رەفتارییەکان (التصرف على الملك) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانوبەوە

| سالّی ٢٠١٧ | سالّی ٢٠١٦ | بابەت |
|---|---|---|
| ٤٩١٧١ | ٥٠٦٧٥ | فرۆشتن |
| ٣١ | ١٠ | بانانە (مساطحة) |

ئەنجام//

کڕین و فرۆشتن بە ٣,٦٪ کەمیکردووە لە سەرتاسەری هەرێم.

بانانە بە ڕێژەی ٢١٠٪ زیادی کردووە

بەلام گۆڕانکاریەکانی کڕین و فرۆشتنی مولک لەسەر ئاستی پارێزگاکان لە ساڵی ٢٠١٧ بەراورد بە ساڵی ٢٠١٦ بەم شێوەیەیە:

١- هەولێر: بە ڕێژەی ٧,٢٤٪ کەمیکردووە.

٢- سلێمانی: بە ڕێژەی ٨,٨٠٪ زیادیکردووە.

٣- دهۆک: بە ڕێژەی ١١,٣٥٪ کەمیکردووە.

٤- هەڵەبجە: بە ڕێژەی ٣٢,٩١٪ زیادیکردووە.

مامەڵە رەفتارییەکان (التصرف على الملك) گرنگترین کاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرەیە کە لە یانزە جۆر مامەڵە پێکدێت، لە ساڵی ٢٠١٧ بە ڕێژەی ١٠,٤٤٪ کەمیکردووە بەراورد بە ساڵی ٢٠١٦.

## دەیەم/ کارەکانی فەرمانگەکانی دادنووس لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد

| سالّی ٢٠١٧ | سالّی ٢٠١٦ | بابەت |
|---|---|---|
| ٨٣٠٧٥٣ | ٧٧٥١٤٩ | کۆی گشتی کارە جۆراوجۆرەکان کە (٣٢) جۆر کارە |

ئەنجام//

کارە ئەنجام دراوەکان بە ڕێژەی ٧,١٧٪ زیادیکردووە لە ساڵی ٢٠١٧ ئەمش یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکانی زیاد بوونی داهاتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد بە ڕێژەی ٥٠٪.

## تیمی ئامادەکاری راپۆرت

ئەم راپۆرتە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پەرەپێدان لە دیوانی وەزارەت ئامادەکراوە و کارەکانیش لە ڕێگای دوو تیمەوە ئەنجامدراوە، تیمی یەکەم لە دیوانی وەزارەتە، کە کارە گرنگ و یەکلاکەرەوەکان لە کۆکردنەوە و یەکخستنی ئامارەکان و بە داتابەیسکردن و بە دواداچوون و وردبینی و دیزاین و... تاد، بەئەنجام گەیاندووە و ناوەکانیش ئەمانەن:

| | |
|---|---|
| ١. بەهرام صالح حمد | بەڕێوەبەری پەرەپێدان |
| ٢. دارا رووف عبدالله | یاریدەدەری بەڕێوەبەری پەرەپێدان |
| ٣. ڤیان محمد اسعد | بەرپرسی هۆبەی ئامار و پلان |
| ٤. شیما احمد محمد | کارمەندی ئامار |
| ٥. تامان عبدالفتاح توفیق | کارمەندی ئامار |
| ٦. گولالە ابراهیم غریب | کارمەندی ئامار |
| ٧. سازگار حمید احمد | هەماهەنگیکار |

تیمی دووەم، نوێنەر و کارمەندی ئامارن لە دەزگا سەرەکییەکانی وەزارەت کە کارەکانیان بریتیبوو لە پێدانی ئامار بە تیمی یەکەم و ناوەکانیش ئەمانەن:

| | |
|---|---|
| ١. توانا سامی | ئەنجومەنی شوورای هەرێم |
| ٢. تەنکە غازی | دەستەی سەرپەرشتیاری دادی |
| ٣. وفاء صدرالدین | داواکاری گشتی |
| ٤. مجدی سلیم | پەیمانگەی دادوەری |
| ٥. سەرهید حمدامین | بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە |
| ٦. دەشتی عبدالمحسن | بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد |

# بەشی چوارەم:
# پاشکۆ

ئەمەی خوارەوە، پوختەی راپۆرتی ئاماری کاروچالاکی وەزارەتمانە بۆ ساڵی ٢٠١٧ کە لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی کاتژمێر (١١) بەیانی لە دیوانی وەزارەت لەلایەن وتەبێژی وەزارەت بەرێز (نەریمان تالب) خوێندرایەوە بۆ میدیکاران.
ئەمرۆ رێکەوتی ٢١/ ٢/ ٢٠١٨ پوختەی کار و چالاکی و ئاماری وەزارەتمان بۆ ساڵی ٢٠١٧ لەگەڵ چەند زانیارییەکی گرنگ کە لە ئەنجامی بەراوردکاری لەگەڵ ساڵی پێشوو، واتا ساڵی ٢٠١٦، بەرجەستەبووە بۆ ئێوەی میدیاکار و هاوڵاتیانی هەرێم دەخەینەروو، کە بەم شێوەیەیە:

١. ژمارەی فەرمانبەرانی وەزارەت: بریتییە لە (٤,٦٢٩) فەرمانبەر، بەراورد بە ساڵی رابردوو بە رێژەی (١٪) ژمارەی فەرمانبەرانمان کەمیکردووە.
٢. داهاتی وەزارەت لە ساڵی ٢٠١٧ بریتیە لە (٧٣٩٧٧٧٧٣١١٤) دینار، بەراورد بە ساڵی ٢٠١٦ داهاتی وەزارەتمان بە رێژەی (١٧,٦٧٪) زیادیکردووە و، هەروەها بەراورد بە ساڵی ٢٠١٥ ەش بە رێژەی (٧٤,٥٣٪) زیادیکردووە، بۆ زانیاری بە رێژەی (٨٩٪)ی داهاتی وەزارەتمان لە رێگای بەرێوەبەریەتییەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە کۆدەکرێتەوە و ئەوەی دەمێنێتەوە داهاتی دەزگاکانی تری وەزارەتە.
٣. خەرجی وەزارەتمان لە ساڵی ٢٠١٧ نزیکەی (٦٥٠٠٦٧٦٠٩٩١) دینارە، بەراورد بە ساڵی ٢٠١٦ خەرجی وەزارەتمان بە رێژەی (٢,٨٠٪) زیادیکردووە، بۆ زانیاریتان لە خەرجی وەزارەتماندا مووچەی (١٢) مانگی ساڵی ٢٠١٧ فەرمانبەرانمان هەژمارکراوە بەبێپاشکەوت.
٤. بەراوردکردنی داهات و خەرجی وەزارەتمان بە یەکتری لە ساڵی ٢٠١٧ دا، داهاتی وەزارەتمان بە رێژەی نزیکەی (١٤٪) زیاترە لە خەرجییەکانمان.

**ئەنجومەنی شوورا**

ئەنجومەنی شووڕای هەرێم (٤٣٤) داوای دادوەریی و (٤) پرۆژەی دارشتنی تەشریعی و (٣٠) رادەربڕینی ئەنجامداوە و بەراورد بە ساڵی پار کارەکانیان بە رێژەی ٨٪ زیادی کردووە.

**دەستەی سەرپەرشتیاری دادی**

سەرۆک و سەرپەرشتیارانی دادی (١٤٠) سەردانی سەرپەرشتیارانەیان بۆ فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتمان لە هەموو هەرێم ئەنجامداوە.

**پەیمانگەی دادوەری**

پەیمانگەی دادوەری خولی چوارەمی وەرگرتنی قوتابیان لە پەیمانگە راگەیاندووە، لەگەڵ کردنەوەی (٦) خولی یاسایی.

**دەزگای داواکاری گشتی**

دەستەی تاوانەکان: ئەم دەستەیە لە سەرۆکایەتی داواکاری گشتی ووردبینی بۆ ئەو دۆسیانە دەکات کە سزاکانیان لە ١٥ ساڵ زیندان زیاترەو لەگەڵ ئەوانەی بە تاوانی تیرۆر سزادراون و ئامارەکانی دۆسیەی وردبینیکراو لە ساڵی ٢٠١٧ (١٤٠١) دۆسیەیە بەراورد بە ساڵی پار دۆسیەی وردبینیکراو بە رێژەی ١١١٪ زیادی کردووە، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ زیادبوونی تاوان.
دەستەی نەوجەوانان لە سەرۆکایەتی داواکاری گشتی تایبەتە بە وردبینیکردنی دۆسیەی نەوجەوانانی سزادراو بە سزای ئازادی بەند (سالبە للحریە) لە ساڵی ٢٠١٧ (٩٢٦) دۆسیە وردبینیکراوە، بەراورد بەپار بە رێژەی ٦٠,٧٦٪ دۆسیەی وردبینیکراو زیادی کردووە کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ زیادبوونی تاوان لە لایەن نەوجەوانان.
(٥٨٨٠) سکاڵا لەلایەن ئەندامانی داواکاری گشتی لە دەستەی مافی گشتی لە پارێزگاکانی هەرێم جولێنراوە لە پێناو پەرژەوەندی گشتی.
ئەندامانی داواکاری گشتی لە بەردەم دادگاکانی سزایی و شارستانی لە هەرێم (٢٧,١٢٦)دۆسیەیان وردبینی کردووە و (١٩,٠٧٢) تێخوێندنەوەیان لە بارەیانەوە نووسیوە و (٣,٨٩٩) تانەیان لە بریاری دادگا داوە، هەروەها لە دادگاکانی لێکۆڵینەوە بۆ (٨٨,٧٩١) دۆسیە تێخوێندنەوە و وردبینیان ئەنجامداوە لەگەڵ تۆمارکردنی(٧٣٣) تانە لە دژی بریاری دادگا.

## بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە

لە ساڵی ٢٠١٧ (٤٩,١٧١) مامەڵەی کرین و فرۆشتنی خانووبەرە و زەویوزار ئەنجامدراوە لەسەر ئاستی هەرێم ، بەراورد بە ساڵی پار بە ڕێژەی (٣,٦٪) کەمیکردووە.

بەڵام گۆرانکارییەکانی کڕین و فرۆشتنی مولک لەسەر ئاستی پارێزگاکان لە ساڵی ٢٠١٧ بەری بەراورد بە ساڵی ٢٠١٦ بەم شێوەیە:

هەولێر: بە ڕێژەی ٧,٢٤٪ کەمیکردووە.
سلێمانی: بە ڕێژەی ٨,٨٠٪ زیادیکردووە.
دهۆک: بە ڕێژەی ١١,٣٥٪ کەمیکردووە.
هەڵبجە: بە ڕێژەی ٣٢,٩١٪ زیادیکردووە.

## بەرێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد

کارەکانی فەرمانگەکانی دادنووسی بە رێژەی (٧,١٧٪) و بەڕێوەبەرایەتییەکانی جێبەجێکردن بە ڕێژەی (١٨٪) و چاودێری ناکامەکان بەرێژەی (٣٤٪) لەسەر ئاستی هەرێم بەراورد بە پار ساڵ زیادیکردووە، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی زیادبوونی داهاتی بەرێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی دادە بە ڕێژەی (٥٠٪).

تێبینی/ تەواوی وردەکاری پوختەی زانیاری سەرەوە لە نێو ئەو راپۆرتەدایە کە بە سی دیی پێتانی دەدەین.

جارێکی تر سوپاستان دەکەین

## پێشنیازەکانی بەرێوەبەری گشتی داد
**(دادوەر/ عبدالرحمن حمه کریم سیوەیلی)**

تێبینی/ ئەم پێشنیازانە لە کۆبوونەوەیەک لەگەڵ سەرۆکی هەرێم لە ڕێکەوتی ٢٠١٥/٤/٢٧ پێشکەش بە بەرێزیان کراوە.

**بۆ/ بەرێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان**
**رێزدار کاک مسعود بارزانی**
**ب/ پێشنیاز**

دوای ریز و سلاو...

لای هەمووومان روون و ئاشکرایە کە لە ئێستادا وڵاتمان بە بارودۆخێکی تایبەت و ناسک تێدەپەرێت و رووبەرووی تەحدیەکی ترسناک و دوژمنێکی سەرسەخت، دوور لە هەموو بەهایەکی مرۆیی بووتەوە و، بۆ رووبەرووبوونەوەیان پێویستمان بەهەماهەنگی هاوکاری و پاڵپشتیکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەیە بەهەموو شێوەیەک لەلایەن هەموو چین و توێژەکانی گەلەکەمان.

لەم روانگەیەوە ئەم دیدارەی لەگەڵ بەرێزتان بە دەرفەت دەزانم بۆ ئەوەی کۆمەڵیک پێشنیاز و خاڵی گرنگ بخەمە بەردەستی بەرێزتان کە هەندێکیان پەیوەندارە بە خزمەتکردنی کەسوکاری پێشمەرگە شەهیدەکان و هەندێکی تریان پاڵپشتی و خۆئامادەکردنە بۆ هەموو ئەگەرەکان، بەم شێوەیەی خوارەوە:-

١. خاڵی یەکەم بەکەس و کاری شەهیدە سەربەرزەکان دەست پێدەکەم و پێشنیاز دەکەم بە زووترین کات زانیاری ورد لەسەریان کۆبکرێتەوە و ئەوانەی پێویستان بە یارمەتیدانی خێرایە، بە خێرایی هاوکاری بکرێن بۆ نمونە ئەگەر کەسوکاری شەهید لە خانووی کرێن خانوویان بۆ دابین بکرێت بە زوترین کات و پاشان لە رووی دەروونیەوە سەردان بکرێن لەلایەن بەرپرسانی هەرێم و دڵنەوایی بکرێن و یارمەتی بدرێن بۆ ئەوەی هەست بەوە نەکەن کاتێک رۆڵەکانیان شەهید دەبن، ئیدی تەواو ئەوان لە بیردەکرێن.

٢. پێشنیازدەکەم لە رێگای ئامادەکردنی پرۆژە یاسایەک کار لەسەر هێنانەکایەی سەربازیکردنی بە ناچاری (تجنید اجباری) بکرێت، بۆ ئەوەی ببینە خاوەن سوپایەکی پتەو سیستەماتیک.

٣. کردنەوەی ئۆردوگای مەشقی سەربازی هاوینە بۆ قوتابیانی ئامادەیی و کۆلێژ و پەیمانگەکانی هەرێم وەک هەنگاوێکی ئامادەکردنی گەنجانی هەرێم بۆ هەموو ئەگەرێگی لەناکاو و پێویست.

٤. پێشنیازدەکەم لەمەودوا دامەزراندن لە دەزگاکانی حکومەت ببەسترێتەوە

بە بوونی بروانامەی تەواوکردنی مەشقی سەربازی بۆ ئەوەی گەنجان و لاوانمان هانبدەین خولیای مەشقی سەربازی بن و ئامادەبن لە رووی سەربازییەوە.

٥. بۆ کارمەندانی حکومەت ئەوانەی لە نێوان تەمەنی (٢٠)ساڵ تاوەکو (٣٥) ساڵی، مەشقی سەربازی خێرایان بۆ بکرێتەوە بۆ ئەوەی ئەوانیش شانبەشانی پێشمەرگە بەشداربن لە بەرگریکردن لە وڵات لە کاتی پێویست و تەنگانەدا.

٦. دیاریکردنی رۆژێک بۆ شەهیدی کوردستان بۆ ئەوەی رێز لە خوێنی شەهیدان بگیرێت.

٧. دیاریکردنی رۆژێک بۆ پێشمەرگەی کوردستان بۆ ئەوەی باس لە ئازایەتی و بوێری پێشمەرگە بکرێت لەم رۆژەدا.

٨. تەرشیقکردنی حکومەتی هەرێم و نەهێشتنی فەرمانبەری بندیوار و هەڵوەشاندنەوەی خانەنشینی نایاسای، ئینتمای نیشتمانی و مۆرالی پێشمەرگە بەرزدەکاتەوە، بۆیە کاکردن لە سەریان ئەرکی هەموومانە.

٩. تەنانەت ئەوانەی لە زیندانەکانی هەرێمن لە ئێستادا و، تاوانی ترسناکیان ئەنجام نەداوە و بە شێوەیەک لە شێوەکان بوار هەیە بۆ گەرانەوەیان بۆ نێو کۆمەڵگا، پێشنیاز دەکەم سەرپشک بکرێن لە نێوان دانی غرامە یاخود بەمەرجی بوونیان بە پێشمەرگە و بەرگریکردن لە خاکی نیشتمان ماوەی زیندانیان کەمبکرێتەوە و هەلی بەرگریکردن لە نیشتمان و خۆشەویستی بۆ نیشتمان برەخسێنرێت بۆیان.

١٠. زیادکردنی مووچەی پێشمەرگە بە تایبەت لە کاتی بەرەنگاربوونەوەیان بەرووی داگیرکەرانی کوردستان و لێخۆشبوونیان لە هەندێرسوم و موستەحەقاتی حکومی، نیشانەی رێز و وەفا و خۆشەویستیە بۆ پێشمەرگە و بەرزراگرتنی ناوی پێشمەرگە، هەروەها هەنگاونان لەم دیدگایە، داگیرساندنی چرای بەرخودان و بەرزکردنەوەی مۆرالی پێشمەرگەیە.

لە کۆتایدا بە هیوام وڵاتمان سەلامەت و پارێزراو بێت و هەردەم لە پێشەنگ و پێشکەوتن بێت و خەونە گەورەکەی هەمووماموان بێتەدی کە سەربەخۆیی کوردستانە.

لەگەڵ رێزی زۆری بێپایان بۆ بەرێزتان...

---------------------------

تێبینی/ ئەم پڕۆژەیە بە نوسراوی فەرمی ژمارە (١٣) لە ٢٠١٦/١/٣١
ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کراوە.

**لە پێناو کەم کردنەوەی خەرجی و زیاد کردنی داهات و سەرخستنی پرۆسەی چاکسازی**

ئەوەی دوێنی ئەنجام دراوە، بناغەی ئەمرۆیەو، ئەوەی ئەمرۆش ئەنجام دەدرێبناغەی دوا رۆژە، پشت ئەستور بە کاری دەستەجەمعی و راوێژکردن لە پلان و بەرنامەو وردبینی و روحی هاوکاری و لێپرسراوێتی و هاوسۆزی و هاوکاریکردنی یەکتەری بە روحی لێبوردن و ڕاستکردنەوەی هەڵەی یەکتری و پتەو کردنی پێوەندی نێوان فەرمانبەران و هاوڵاتیان، چونکە هاوڵاتیان مەبەستن و فەرمانبەرانیش ئامرازن، دەبێت ئامراز لە خزمەتی مەبەست دابێت. بوونی نیاز پاکی و بڕوابەخۆبوون لە کاری فەرمانبەرێتی، کێشە ئالۆزەکان ئاسان دەکات و ئامانجی دوور نزیک دەکاتەوە و بنەمای راوێژکردن بە هێز دەکات، بۆیە با هاوکار و تەواوکاری یەکتری بین هەتا خواوەند و مێژوو و نەوەی دوا رۆژ لێمان رازی بن، چونکە شانازییە بۆ مرۆڤ بە کردەوە خزمەتکاری میللەتی خۆی بێت، بۆیە لە پێناو کەم کردنەوەی خەرجی و زیادکردنی داهات و سەرخستنی پرۆسەی چاکسازی بە کردەنی، پێمان باشە ئەم پێشنیازانەی خوارەوە جێبەجێبکرێن لە قوناغی ئێستادا.

**پلانی کورتخایەن**

**بەشی یەکەم/ حکومەت بە هەر سێ دەسەڵاتەکەیەوە**

١. بۆ دەربازبوون لەم قەیرانەی ئێستادا، دەبێت لە هەموو کات زیاتر، هەر سێدەسەڵاتەکەی هەرێم کە دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەرییە، لە یەکتری نزیک و هەماهەنگ بن و بەئەرکی سەرشانی خۆیان هەڵسن بە تایبەت پەرلەمانی کوردستان، دەبێت کارا بکرێتەوە بە شێوەیەکی یاسایی و زانستی و بەلەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی نەتەوەیی، چونکە پەرلەمان ڕۆلێکی گەورەی هەیە لە داڕشتنەوەی یاساکانی پەیوەندار بە چاکسازی و هەروەها چاودێر و هاریکاری حکومەت بێت لە پرۆسەی چاکسازی.

٢. پێویستە سەرەتا لە ڕووی تەرشیقکردنی حکومەت، سەر لە نوێ و بە خێرایی ئیعادەی هەیکەلەی حکومەت بکرێت و هەر دەزگایەکی زیاد و بێسوود هەڵوەشێنرێتەوە و پرۆسەی دەمجکردنی دەزگاکان بکرێت لە سەر بنەمای نزیکی سروشتی کارەکانیان لە یەکتری.

٣. پرۆسەی تایبەتکردن (خصخصە) بە شێوەیەکی زانستی و شەفاف لە هەندێک وەزارەت و سێکتەر بە تایبەت سێکتەری تەندروستی و کارەبا ئەنجامبدرێت.

**بەشی دووەم/ زیادکردنی داهات**

١. لێژنەیەکی پسپۆڕ و تایبەتمەند پێکبهێنرێت بۆ چاوخشاندنەوە بە سیستەمی باج و ڕەسوم لە هەرێم، بەلەبەرچاوگرتنی بارودۆخی هەرێم بە تایبەت فەرمانبەران و خەلکی کەمدەرامەت.
٢. وەرگرتنەوەی باج لەو کۆمپانیا زەبەلاحانەی کە بەپێی بڵاوکراوەکان باجیان لە ماوەی ڕابردوو نەداوە.
٣. بۆ بنبڕکردنی دەنگی ناحەزان و ئەوانەی بەردەوام باس لە ناشەفافیەتی داهاتی نەوت دەکەن، بۆ بەدیارخستنی بێمنەتی و دەستپاکی حکومەتی هەرێم، هەرچی زووە ئەم کەرتە شەفاف بکرێت و هەموو داتا و زانیاری و چاودێریەک دابینکرێت تەنانەت بۆ هاوڵاتییەکی سادەش ئەم هەلە بڕەخسێنرێت.
٤. بۆ هەر سێخاڵی سەرەوە پێمان باشە بۆ چاودێری و وردبینی و بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی زانستی بکرێت، هەموو لایەنەکانی پەیوەندار بەشداربن بەتایبەت سەندیکای ژمێریاران و وردبینانی کوردستان.
٥. نەهێشتنی زیدەڕۆیی لە سەر مولک و ماڵی حکومەت لە ڕێگای گەڕاندنەوەی یان فرۆشتنی یان بە کرێدانی، بەپێی یاساو ڕێنماییە بەرکارەکان.
٦. پێویستە کەرتی پیشەسازی ببوژێنرێتەوە بە تایبەت لە بواری دابینکردنی خۆراک، چونکە ئەمە زۆر پێویستە بۆ هێنانەکایەی حالەتی خۆبژێوی لە کوردستان و چیتر دراوی قورس لە هەرێم بۆ ئەمە خەرج نەکرێت و نەچێتە دەرەوە، هەروەها وڵاتەکەمان بۆ کشتوکاڵ گونجاوە و دەبێت ئەمە بە دەرفەت سەیر بکەین و کاری بۆ بکەین بەتایبەت هاندان و پاراستنی جوتیاران لە مونافەسەی بەرووبوومی بێگانە و هانی جوتیاران بدرێت بۆ ئەوەی لە شارەکانەوە بگەڕێنەوە بۆ گوندەکان.

**بەشی سێیەم/ کەمکردنەوەی خەرجی**

١. کەمکردنەوەی ژمارەی فەرمانبەران لە ڕێگای قەڵاچۆکردنی فەرمانبەری بندیوار و دوو مووچە و هەڵوەشاندنەوەی دامەزراندن و خانەنشینی نایاسایی کە لە ڕابردوودا کراوە و خانەنشینکردنی فەرمانبەری زیادە، بەپێی یاسا بەرکارەکان لە هەرێم، بۆ ئەوەی ئەمە هاوشان بێت لەگەڵ تەرشیقی هەیکەلی حکومەت.
٢. دابەشکردنی مووچە بە شێوەی مانگانە، بەپێی داهاتی فعلی، بۆ ئەوەی جۆرێک لە بوژانەوە لە ئابوری وڵات بێتەدی.
٣. چاوخشاندنەوە بە تەواوی سولفە و نەسریەی دامودەزگاکان و تەرخانکردنی بەپێی پێداویستی و لە سەر بنەمای دەستپێوەگرتن.
٤. ئۆتۆمبێلی میری بەو شێوە بەربڵاوە نەهێڵرێت و ڕێکبخرێتەوە، لە ڕێگای فرۆشتنی بەو کەسانەی کە لە ئەستۆیان دایە بە ئەقسات.

**بەشی چوارەم/ هەندێك كاری گرنگ**

١. بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی وەزیرەكان پەیرەوەوەی سیستەمی ئیدارەی مەعریفە بكرێت، پێشنیاز دەكەین یەكێتی وەزیرانی كوردستان دابمەزرێت بۆ ئەوەی ئالوگۆری مەعریفەی بەڕێوەبردنی وەزارەتەكان لە نێوان وەزیرە خانەنشینكراوەكان و دەستبەكارەكان بكرێت، هاوشێوەی یەكێتی دادوەران و پەرلەمانتاران.

٢. دامەزراندنی هەر دوو سیستەمی دڵنیایی تەندروستی و دڵنیایی لە ژیان (تامین علی الحیاه) بۆ ئەوەی كۆمەڵگایەكی تەندروست و داهێنەرمان هەبێت.

پلانی ستراتیژی (دوورمەودا)

١. لەسەر ئاستی حكومەت پێشنیاز دەكەین دوای تەواوبوونی ئیعادەی هەیكەلە یاخود پێش ئەمە، بەپێی پلانێكی درێژخایەن ئیعادەی هەندەسەی حكومەتی هەرێم لەسەر سێكتەری بە جیاو دەزگای دیاریكراو بكرێت بە شێوەیەك تەواوی چەمكی ئیعادەی هەندەسەی لە سەر جێبەجێبكرێت كە بریتییە لە هەڵوەشاندنەوەی تەواوی دەزگایەك و لە خاڵی سفرەوە بینای بكەیتەوە.

٢. بەهێزكردنی سیستەمی بانكی لە هەرێم و دروستكردنی متمانە لە نێوان بانكەكانی هەرێم و هاوڵاتیان، چونكە شادەماری ئابووری هەر وڵاتێك بانكەكانن.

٣. بنبڕكردنی دیاردەی بێكاری لە ڕێگای بەگەڕخستنی لاوەكانی وڵاتمان و كەمكردنەوەی حالەتەكانی پشتبەستن بە كرێكاری بێگانە لە هەموو سێكتەرەكان وەك دەڵێن هەتا ماڵا هەبێت مزگەوت بەتاڵە.

٤. هەوڵدان بۆ كەمكردنەوەی ژمارەی فەرمانبەرانمان، بەشێوەیەك بگونجێت لەگەڵ پێوەری نێودەوڵەتی تایبەت بە ژمارەی فەرمانبەر و ژمارەی دانیشتوان.

٥. لەمەودوا كاركردن و پێدانی پۆست لە سەر بنەمای لێهاتوویی و بڕوانامە و تەكنۆقرات بێت و كەسی شیاو لە شوێنی شیاو دابنرێت و لەمەودوا بەشێوەیەكی كارا پەیڕەوی لە بنەمای سزاو پاداشت بكرێت، لە فەرمانگەكانی حكومەت.

لە كۆتایی خەرمانی وشەكانمدا ئومێدەوارم بەم پرۆژە خاكییەم بەشداریمكردبێت لە هەوڵەكانی ڕەواندنەوەی تەمومژی قەیرانەكان و سوود بەخش و تەواوكەری پڕۆژەكانی تری چاكسازی حكومەتی هەرێم بێت جا چ بە بیرۆكەیەك یاخود وشەیەك بخاتە سەری.

بژی كوردو كوردستان، نەمری و سەروەری بۆ خوێنی شەهیدان و پێشمەرگە قارەمانەكانی بەرگریكار لە كرامەت و خاك و ئایندەی وڵاتەكەمان و نشتیمان پەروەران گەلەكەمان.

------------------------

تێبینی/ ئەم پێشنیازانە لە کۆبوونەوەیەک لەگەڵ جێگری سەرۆکی حکومەت پێشکەش بە بەڕێزیان کراوە.

**بۆ/ بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان**
**ڕێزدار(کاك قوباد تالەبانی)**
**ب/ پێشنیاز**

١. لەبەر ئەوەی فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێم بە گشتی و فەرمانبەرانی خزمەتی شارستانی بە تایبەت لە ماوەی رابردوودا ( ماوەی قەیران) زۆرترین قورسایی و ئاستەنگ و گرفتیان ڕووبەڕوو بووەتەوە، بە هۆی نەبون و کەمکردنەوەی شایستە داراییەکانیان، بۆیە وەکو وەفایەکی حکومەت و بەهەند وەرگرتنی ئەو خۆبەخشییەی فەرمانبەران کردوویانە و بۆ ئەوەی تەنیا بە قسە و گوفتار سوپاس نەکرێن کە زۆر لە سەر زاری بەرپرسانی حکومەت ئەمە دەوترێتەوە، پێشنیازی ئاراستەکردنی ڕێزو سوپاسی فەرمی بە واژۆی سەرۆکی حکومەت بۆ هەموو فەرمانبەرانی حکومەت دەکەم کە پێشخستنی (قدم)ی تیابێت بەپێی دەسەڵاتی سەرۆکی حکومەت.
٢. ڕاگرتنی بەردەوامی پلە بەرزی فەرمانبەرانی شارستانی، کاریگەری خراپ و نەرێنی لێدەکەوێتەوە، بەشێوەیەک هەم دەبێتە گرفتێکی کارگێری گەورە لە ئایندەدا، هەم دەبێتە هۆی ساردکردنەوە و بێئومێدی فەرمانبەران لە پیشەکەیان، بۆیە پێشنیازی دەستپێکردنەوەی پلە بەرزی فەرمانبەران دەکەم بەپێی سیستەم و ڕێنمایی گونجاو.
٣. لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/١٠/٥ حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێککەوتنێکی لەگەڵ کۆمپانیای دیلۆت(Deloitte) واژۆکرد بۆ وردبینی کردنی داهات و فرۆشتنی نەوت کە ئەمە جێیگای دڵخۆشییە، بەڵام ئەم کۆمپانیاییە تاوەکو ئێستا هیچ ڕاپۆرتێکی لەسەر بابەتی نەوت بڵاونەکردووەتەوە، بۆیە پێمان باشە بەدواداچوون بۆ ئەم بابەتە بکرێت و ڕای گشتی لێئاگادار بکرێتەوە، هەروەها ئەگەر دەزانرێت ئەم کارە لەگەڵ ئەم کۆمپانیایە ڕاستەڕێنابێت پێشنیازی دروستکردنی دەستەیەکی ڕاوێژکاری دەکەم لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان کە نوێنەری سەرجەم حزبە سیساییەکان و کەمینە نەتەوەکانی تیابێت بۆ ئەوەی چاودێری پرۆسەی فرۆشتنی سامانی سروشتی بکەن لە هەرێم.
٤. سیستەمی پاشەکەوتی مووچە زیاتر لە ساڵێکە پیادە دەکرێت و لەم ساڵەدا زۆر باسوخواز لە دەستکاریکردنی دەکرێت، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ هەواڵێکی فەرمی نییە بۆ ئەم بابەت، بۆیە من دەمەوێت پێتان بڵێم ئەم سیستەمە تا ڕۆژێک یان کاتژمێریک یان خولەکێک زوتر دەستکاری بکرێت باشترە، چونکە ئێمە هەموومان لە نێو فەرمانبەران و سەختی ژیانیان دەژین و دەزانین، سەرباری ئەوە کاریگەری خراپی کردووەتە سەر فەرمانگەکان لە ڕووی دەوام و ڕێکسازی و بەرهەمداری فەرمانبەر، هەروەها کۆمەڵێک دیاردەی زۆر خراپی لە نێو دەزگاکانی حکومەت

دروستکردووە کە ڕەواندنەوە و ڕەشکردنەوەی هەوڵی یەکجار زۆری دەوێت.
٥. سیستەمی بایۆمەتری مووچەخۆرانی فەرمانبەران، کارێکی چاکسازی گەورەی حکومەتە و جێگای دەستخۆشییە، بەڵام ئێمە پێمان باشە هەر هیچ نەبێت لە بۆردی لۆجستی، ئەنجام و کاریگەرییە باشەکانی ئەم سیستەمە بۆمان بخەنەڕوو، هەروەها جەخت لەوەدەکەمەوە کە پێویستە ئەم سیستەمە بەبێجیاوازی هەموو مووچەخۆرانی هەرێم بگرێتەوە.
٦. ئەم پێشنیازەی خوارەوەم لە ساڵی رابردوو خستەروو، بەڵام ئەوکات وتان داتابەیسی ئۆتۆمبێل تەواو نەبووە و ناتوانین هیچ بڕیارێکی لەبارەوە بدەین، بۆیە ئەمجارەش دەیخەمەوە بەردەستی بەرێزتان بەو ئومێدەی داتابەیسی ئۆتۆمبێلەکان تەواو بووبێت و بڕیارێکی گونجاوی لەبارەوە بدەن:-
• وەکو دەزانین مووچە بارودۆخی چۆنە، بۆیە فەرمانبەر ناتوانێئەرکی کڕینی سوتەمەنیەکەی لە ئەستۆ بگرێت، چۆن دەتوانی پارەی چاککردنەوە و ئیدامەی ئۆتۆمبێلەکە لە ئەستۆ بگرێت.
• ئەگەر بارودۆخ بەم شێوەیە بڕوات دوور نییە زەرەر و زیانی زۆر بە ئۆتۆمبێلەکانی میر بگات، ئەمەش بە زیان بۆ حکومەت تەواو دەبێت.
بۆ چارەسەرکردنی ئەم بارودۆخە پێشنیاز دەکەم:-
١. خەرجی ئۆتۆمبێلەکان بکەوێتەوە سەر حکومەت، واتا سولفەی مانگانەی دەزگاکان.
٢. یان بەپێی پلانێکی مەدروس ئۆتۆمبێلە زیادەکان بفرۆشێنەوە بە پێی یاسا بەرکارەکان ئەمەش دەبێتە داهات بۆ حکومەت.

لەگەڵ ڕێزدا...

---------------------

تێبینی/ ئەم پێشنیازانە لە کۆبوونەوەیەک لەگەڵ ئەندامانی بۆردی لۆجستی
( ئەم بۆردە لە ئەنجومەنی وەزیران لە بەڕێوەبەرانی گشتی پێکهاتووە
و فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون لە ئەنجومەنی وەزیران
سەرپەرشتی دەکات) پێشکەشکراوە بە ئەندامانی بۆرد.

**بۆ/ بەڕێزان لە بۆردی لۆجستی**
**ب/ پێشنیاز**

وەک هەموو لایەکمان دەزانین لە ئێستادا هەرێمی کوردستان بە قەیرانێکی سەختی داراییدا تێدەپەڕێت و حکومەتی هەرێم کۆمەڵێک بریار و پرۆژەی چاکسازی ڕاگەیاندووە بە ئامانجی کەمکردنەوەی خەرجی و زیاد کردنی داهات و زۆربەی بوارەکانی گرتووەتەوە و تەنیا چەند بوارێک نەبێت، یەکێکیش لەم بوارانە، یاسا سزاییەکانە بە گشتی، بۆیە بەندە پێشنیازی:-

یەکەم/ پێداچوونەوە بە هەموو یاسا سزاییەکانی تایبەت بە زیندان و بەندکردنی تاوانباران دەکات، بە شێوەیەک سزای پێبژاردن بەسەر تاوانباران زیاد بکرێت لە جیاتی سزاکانی تر، جگە لە تاوانە ترسناکەکان لەسەر ئارامی و ئاسایشی کۆمەڵگا نەبێت، ئەمەش کۆمەڵێک لێکەوتە بە دوای خۆیدا دێنێت وەک:-

١. بەندکردن یان زیندانی کردنی تاوانبار لە بەندیخانەکان کۆمەڵێک خەرجی دەخاتە سەر حکومەت، کە ئەمە لەگەڵ سیاسەتی ئێستای حکومەت ناگونجێ.

٢. زیادکردنی سزای پێبژاردن لە ڕووی پیادەکردنی یان زیادکردنی بڕەکەی، دەبێتە داهات بۆ حکومەتی هەرێم، ئەمەش کۆک و هاوڕێگایە لەگەڵ سیاسەتی ئێستای حکومەت.

٣.بەندکراو یان زیندانیکراو لە زۆربەی بارەکاندا بەخێوکەری خێزانێکە و بە سەپاندنی سزای پێبژاردن، ئەو کەسە ئازاد دەکرێت و بەردەوام دەبێت لە بەخێوکردنی خێزانەکەی.

٤. ئەوەی سەردانی وڵاتانی پێشکەوتووی کردبێت یان شارەزایی لە سەریان هەبێت، دەزانێت لە ئێستادا لەو وڵاتانە سزای پێبژاردن زۆر و بە کۆژمەی زۆر جێبەجێدەکرێت، بۆیە بۆ مواکەبەکردنی وڵاتان و پێشکەوتنەکان، پێویستە ئەو یاسایانەی کە لە شەستەکان نوسراوەتەوە هەموار بکرێن.

بەکورتی بەندە پێشنیازی دیراسەتکردن و هەموارکردنی یاسا سزاییەکان دەکات بە شێوەیەک لەگەڵ قەیران و بارودۆخی هەرێم و سەردەم بگونجێت و زیاتر بایەخ بە سزای پێبژاردن بدرێت، بە شێوەیەک (٥٪) لە ماوەی سزای زیندان و بەندکردنەکان پیادە بکرێت بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجی سزادان و وەرگرتنی پەند، وە (٩٥٪) سزای پێبژاردن بێت.

بۆ مەبەستی سەرەوە پێشنیازی پێکهێنانی لیژنەیەک دەکەم لە هەریەک لە:

١. راوێژكاران لە ئەنجومەنی وەزیران.
٢. ئەنجومەنی دادوەری.
٣. وەزارەتی داد/ ئەنجومەنی شوورا.
٤. یەكێتی مافپەروەرانی هەرێم.
٥. سەندیكای پارێزەرانی هەرێم.
٦. ناوەند و كۆلێژەكانی یاسا لە هەرێم.
٧. فەرمانگە چاكسازییەكانی هەرێم، واتا نوێنەری ئیدارەی بەندیخانەكان، بۆ وەرگرتنی رایان.

مەبەست لەم لێژنەیە ئامادەكردنی پرۆژە یاسای هەمواركردنی یاسا سزاییەكانە، بۆ ئەو كاتەی كە پەرلەمانی كوردستان دەست بە كارەكانی خۆی دەكاتەوە.

دووەم/ بەپێی ماددەی (١٥٤) لە یاسای سزاكان، لە رێگای دەركردنی لێبوردنی تایبەت، دەتوانرێت جۆری سزای مەحكوم بگۆردرێت، بۆیە ئەوانەی ئێستا لە زیندان یان بەندكراون، دەكرێت بە لێبوردنی تایبەت، سزاكانیان بگۆردرێت بۆ سزای پێبژاردن بۆ زیادكردنی داهات. وە هەموو لایەكمان دەزانین دەركردنی لێبوردنی تایبەت لە ئێستادا لە دەسەڵاتی سەرۆكی هەرێمدایە.

سێیەم/ هەموو بریارێك كە دەردەچێت پاش جێبەجێكردنی دەبێت هەڵسەنگاندنی بۆ بكرێت و لایەنی باش و خراپی دیاری بكرێت، بۆیە بەندە وەكو بەرێوەبەرێكی گشتی لە حكومەتی هەرێم، بریاری خستنەئەستۆی خەرجی ئۆتۆمبێلەكانی میری بەو فەرمانبەرانەی كە لەلایانە، پاش تێبینیكردن و سەیركردنی بارودۆخەكە بە بریارێكی گونجاوی نازانم لەبەر ئەم هۆكارانە:-

١. وەكو دەزانین مووچە بارودۆخی چۆنە، بۆیە فەرمانبەر ناتوانێ ئەركی كرێنی سوتەمەنیەكەی لە ئەستۆ بگرێت، چۆن دەتوانی پارەی چاككردنەوە و ئیدامەی ئۆتۆمبێلەكە لە ئەستۆ بگرێت.
٢. ئەگەر بارودۆخ بەم شێوەیە بروات دوور نییە زەرەر و زیانی زۆر بە ئۆتۆمبێلەكانی میر بگات، ئەمەش بە زیان بۆ حكومەت تەواو دەبێت.

بۆ چارەسەركردنی ئەم بارودۆخە پێشنیاز دەكەم:-

١. خەرجی ئۆتۆمبێلەكان بكەوێتەوە سەر حكومەت.
٢. یان بەپێی پلانێكی مەدروس، ئۆتۆمبێلە زیادەكان بفرۆشرێتەوە بە پێی یاسا بەركارەكان، ئەمەش دەبێتە داهات بۆ حكومەت.

لەگەڵ رێزدا...

---

تێبینی/ ئەم پێشنیازانە لە کۆبوونەوەیەک لەگەڵ ئەندامانی ئەنجومەنی وەزارەتی داد (ئەم ئەنجومەنە پێکهاتووە لە بەرپرسی یەکەمی دەزگا سەرەکییەکانی وەزارەت کە حەوت دەزگایە) پێشکەشکراوە بە ئەندامانی ئەنجومەن.

**بۆ/ ئەنجومەنی وەزارەت**

**ب/ پێشنیاز**

بەڕێزان سەرۆک و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزارەت...

بە حوکمی ئەوەی ئەنجومەنی وەزارەت پێکهاتەیەکی باڵایە و سیاسەتی گشتی وەزارەت دادەڕێژێت و بەپێی مادده (٦) لە یاسای بەرکاری وەزارەت، کۆمەڵێک ئەرک و کاری لە ئەستۆدایە و پرسە گرنگەکان لەم ئەنجومەنە تاوتۆدەکرێن، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە ئەم پێشنیازانەی خوارەوە بۆ بەڕێزتان و ئەندامانی ئەنجومەن دەخەمەڕوو:

١.لە ئێستادا وڵاتمان ڕووبەڕووی شەڕێکی گەورە بووەتەوە و هەموو چین و توێژەکانی گەلەکەمان هەر یەکەو بە شێوەیەک یارمەتیدەر و بەشدارن لەگەڵ پێشمەرگە لەم شەڕەدا، لە هەمووی دیارتر و گرنگتر یارمەتی مەعنوی پێشمەرگەیە کە خۆی لە سەردانیکردنی بەرەکانی شەڕ دەبینێتەوە و زۆرێک لە بەرپرسانی هەرێم و ئەندام پەرلەمانەکان ئەم کارەیان کردووە، بۆیە من پێشنیاز دەکەم ئێمەش وەکو ئەندامانی ئەنجومەنی وەزارەت سەردانی بەرەکانی شەڕ بکەین بەلایەنی کەم لەبەرەی هەولێر سەردانیان بکەین.

٢. بابەتی خول زۆر گرنگە بە تایبەت ئەو خولانەی لە دەرەوەی هەرێم بۆ وەزارەتمان دەکرێنەوە و زیاتر لە فەرمانبەرێک بەشداری دەکەن تیایدا، بۆیە پێم باشە ئەم بابەتە لەلایەن ئەنجومەنی وەزارەت پلانی بۆ دابنرێت، بە شێوەیەک کە پێش کردنەوەی خولەکە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزارەتی لە سەر وەربگیرێت و بەپێی پێویستییەکانی وەزارەت خولەکان دیاری بکرێن، بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی دارایی ئێستای هەرێم و، کەسانی تایبەتمەند و پسپۆڕ لە وەزارەتمان بەشداری بکەن لە خولەکاندا و، مافی بەشداریکردنی یەکسان بۆ هەموو فەرمانبەران دەستەبەر بکرێت و، پاش گەڕانەوە لە خولەکان، هەڵسەنگاندن بۆ خولەکە و دەرنجامەکانی بکرێت.

٣. سەبارەت بەو دۆکیۆمێنتانەی کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییە یاساییەکان لە دیوانی وەزارەتمان پەسند دەکرێن بۆ کارپێکردنیان لە وڵاتانی بیانی، پێشنیاز دەکەم مۆرێک بە زمانی ئینگلیزی دروست بکرێت بۆ پەسندکردنی دۆکیۆمێنتەکان، چونکە مۆری ئێستاکەمان تەنیا بە زمانی کوردی و عەرەبییە.

٤. لە ڕابردوودا سەندوقی سکاڵای تایبەت بە هاوڵاتیان و فەرمانبەرانمان داناوە، بۆ زیاتر ئەکتیڤ کردنی ئەم دوو سەندوقە، پێشنیاز دەکەم:-

• کلیلی سەندۆقەکان بدرێت بە سکرتێری ئەنجومەنی وەزارەت بۆ ئەوەی خۆیان هەموو کارێکی تایبەت بەمە ئەنجامبدەن.
• هەفتانەی سەندۆقەکان بکرێنەوە و بە ڕێز جەنابی وەزیر و بەڕێوەبەری گشتی داد (بەندە) لە سکاڵاکان ئاگادار بکرێنەوە.
• ئەم سکاڵایانە، مانگانە، بکرێن بە لیست و لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزارەت بخرێنەڕوو بۆ تاوتوێکردنیان.

٥. پێشنیازدەکەم سەندۆقی سکاڵاکان لە هەموو دامودەزگاکانی وەزارەتمان پیادەبکرێن و سیستەمێکی گونجاو و لەباریان بۆ دابنێن بە شێوەک لە بەرژەوەندی وەزارەت و هاوڵاتیان بێت.

لەگەڵ ڕێزدا...

__________

## ئەم وتەیە لە پانێلی تایبەت بە پرۆژە یاسای داواکاری گشتی کە لە ڕێکەوتی ٢٠١٥/٣/٧ لەلایەن دادوەر/عبدالرحمن سیوەیلی پێشکەشکراوە

خوشک و برایانی بەڕێز، خۆشحالم بە بەشداریم لەم پانێلە و سوپاسی بەشداربووان دەکەم کە بە ڕاو سەرنجەکانیان پانێلەکەیان دەوڵەمەند کرد، بێگومان هەموو هەوڵێک ئەنجامێکی دەبێت و خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییەکان یاسای ژیانە و گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە لەسەر دەزگای داواکاری گشتی وەک بەشێکی گرنگی پێکهاتەی دادوەری گرنگ و پێویستەو کارکردن بە نیاز پاکیش کارە زەحمەت و قورسەکان ئاسان دەکات، بۆیە دەبێت بەم پرینسیپە کار بکەین بۆ ئەوەی بگەین بە ئامانج.

بەڕێزان زۆر ڕاوبۆچوون لەسەر چۆنیەتی کاراکردنی داواکاری گشتی خرایە ڕوو و هەموویان جێگای ڕێزن و وەک عەرەب وتنی(الرأی یطرح ولا یفرض) ، بۆیە پێم باشە هەموو ڕاکان بنووسرێنەوە دابەشی سەر دوو تەوەرە بکرێن کە ئەوانیش خاڵە هاوبەشەکان و خاڵە ناکۆکەکانە کە زۆر سروشتییە لەسەر بابەتێکی ئەوا گرنگ ڕای جیاواز هەبێت، خاڵە هاوبەشەکان بکرێنە بنەمایەک بۆ کارکردن و خاڵە ناکۆکەکانیش بە شێوەیەکی بابەتیانە لەلایەن کەسانی شارەزا شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەیان بۆ بکرێت.

بەڕێزان بەندە بەر لە (١٠) ساڵ و پێش جیابوونەوەی ئەنجومەنی دادوەری لە وەزارەتی داد داوای بەستنی کۆنگرەیەکی دادوەریم کردووە بۆ ئەوەی تەواوی بابەتە دادوەرییەکان بخرێنە بەر گفتوگۆ و توێژینەوەی زانستی بۆ ئەوەی نەکەوینە هەڵەوە و ئەوەی گوێی لێبوو وتی باشە بەڵام ئەم بیرۆکەیە جێبەجێنەکرا.

ئێمە هەموومان دەزانین هەرەم و پێکهاتەی یاسادانان لە دەوڵەتدا خۆی لە دەستور دەدۆزێتەوە و، ئەو عێراقەی کە پڕە لە ئاژاوە و گرفت و جیاوازی نەتەوەیی و ئاین و ئاینزا، پاش ساڵی ٢٠٠٣ توانرا لە ماوەی دوو ساڵدا دەستورێکی بۆ دابنرێت کەچی ئێمە (٣) پارێزگاین تا ئەم ساتە وەختە نەمانتوانیوە دەستورێک بۆ خۆمان بنووسینەوە بۆ ئەوەی بمانگەیێنێتە کەنارێکی ئارام، لەبەر ئەوە ناکرێت باسی لق و پۆپ بکەین و باسی بنەچەی بابەتەکە نەکەین کە دەستورە و لەوێوە هەموو یاساکان سەرچاوە دەگرن و شێوە و پێکهاتەی دەسەڵات دیاری دەکرێت، ئەمەش وەکو ئەوە وایە پارچە زەوییەکت هەبێت و هیچت لەسەر دروست نەکردبێت و باسی نهۆمی چوارەم و پێنجەم بکەیت.

هەروەها تا ئەم ساتە وەختە کە من قسەی تیاد دەکەم کۆمەڵێک یاسا هەیە کە دەقی دژبەیەک و بەیەکدان و دووبارەبوونەوەی تیایە بۆ نمونە لە یاسای بەرکاری وەزارەتی داد دەقێک هەیە باس لە چاودێری دادگاکانی تێهەڵچوونەوە دەکات کەچی دەقێکیش لە یاسای ئەنجومەنی دادوەری هەیە دژ بەم دەقە، یاخود لە یاسای بنەمای سزایی عێراقی کە زۆر دەسەڵاتی تایبەتمەندی داوە بە وەزیری داد کەچی دەسەڵاتی دادوەری کە لە ساڵی٢٠٠٧ جیابووەتەوە، پیادەی دەکات، بۆیە دەبێت ئەمانە و گرفتی تر چارەسەر بکرێن و بابەتەکان لە دەستور یەکلایی بکرێنەوە و لە مادده (١٧٧) ڕەشنووسی دەستوری هەرێم باس لە دەسەڵاتی دادوەری دەکات و سەرەڕای ئەمە، وەکو باسیش کرا ئێمە دادگای دەستوریشمان نیە کە پەیوەستە بە دەستور، هەروەها یاسای تایبەت بە دەسەڵاتی دادوەریشمان نیە، بۆیە ئێمە دەبێت لە بابەتە بنچینییەکانەوە دەست پێبکەین و ئەم پرۆژە یاسایە (یاسای داواکاری گشتی) دوابخرێت تا ئەوکاتەی دەستور بۆ هەرێم دەنوسرێتەوە و فەلسەفەی سیستەمی دادوەری لە هەرێم دیاریدەکرێت تیایدا.




تابلۆی (( پشوو )) 230سم X 140سم

شێوەکار: عەبدولڕەحمان سیوەیلی

پێشانگای: دووەم، ساڵی 1983 بەغدا

# amar û zanyarî
# kar û çalakîyekanî
# wezaretî dad

salî 2017